# خۆ كوشتنی منالاَن شەرمەزاريە بە تەويَلی كۆمەلگەوە !

ڕزگار عومەر 2005\3\4

**بەرپرسی گۆشەی : - گەشتێك بە نێو ڕۆژنامەكاندا**



ژیلانیش هاتە ڕیزی ئەو منالاَنەی لە گەلَ قرچەی نەوت و ئاگر پەلَەیەكی تری ڕەشی نا بە تەویَلی كۆمەلگەی كوردستانەوە ، ئەو نهێنیە چی یە كە منالاَنێك لە تەمەنی گولَدان ، لە ئان و ساتێكدا بە هەلَبژاردنی مردن ئەو كۆمەلگایە بە جێ دیَلَن ؟؟ ئەو سیستەمە كۆمەلاَیەتیەی ئێمە چ ئەژدیهایەكی ترسناكی بەو منالاَنە نیشان داوە ، كە ئاوا بە سادەیی تەنەكەی نەوتی ژێر قادرمەی مالَەكانیان دەردێنن و مالَئاوایی یەكجارەكی لە ژیان و خەونە بە دی نەهاتووەكانی خۆیان دەكەن ؟

ئەم پرسیارەو دەیان پرسیاریتر جۆرێك لە بەرپرسیارێتی بە سەرمان فەرز دەكا ، بۆ پێش گرتن بەم دیاردەیەو تەشەنە كردنی ، ئەو منالاَنە پێش هەموو شتێك دەبێ حیسابی قوربانیانی ئەو سیستەمە كۆمەلاَیەتیەیان بۆ بكرێ ، هەر كەسێك بە حوكمی باوك بوونی یا دایك بوونی یان مامۆستا بوونی ئەو منالاَنە ، دەوری هەبێ لەو ڕووداوانە ، پێویستە بدرێتە دادگاو حیسابی تاوانباری بۆ بكرێ .

دوو ڕوویەكی گەورەیە ، شەرمەزاریەكی گەورەیە ، بۆ دەسەلاَتی سیاسی لە كوردستان ، كە پارەیان هەیە بۆ ئاوەدانكردنەوەی مزگەوتەكان و داوەتی سەرۆك عەشیرەتەكان و دەیان چالاكی تری تا سەر ئێسقان كۆنەپەرستانە ، بەلاَم بودجەیەكی دە قات كەمتر لەوەی ووتم ناخەنە گەڕ بۆ پلانێكی عەمەلی كە پسپۆڕانی تایبەت لەو بوارەدا كاری دەسبەجێ و كەمپینی تایبەت بە ڕێ بخەن بۆ پێش گرتن بەم دیاردە نامرۆڤایەتیە .

خوێنەری بەڕێز ، ئێمە لە گۆشەی (گەشتێك بە نێو ڕۆژنامەكاندا ) ئیمڕۆدا ، سێ بابەتمان هەلَبژاردووە كە لە گۆشەی جیاوازەوە نزیكایەتی هەیە بەم باسانەوە ، بە تایبەتی من لێرە ئیشارە بەو بابەتە دەكەم كە لە دووا ژمارەی ڕۆژنامەی هاولاَتی بلاَو بۆتەوە ، ناونیشانی بابەتەكە :- ((بەر لەوەی خوێندكارێك خۆی بكوژێ دەبێ چی بكەین ؟ )) نووسینی : فایەق سەعید .

هەروەها پێشووتر سایتی ( دەنگەكان ) هەر لە پەیوەند بەم باسانەوە ، ئەم بابەتانەی خوارەوەی بلاَو كردۆتەوە ، كە خوێنەر بە دووبارە خوێندنەوەیان زانیاری وردترو نزیكتری دەست دەكەوێ ،

ئەم بابەتانە دەتوانن لە (ئەرشیفی گۆشەی گەشتێك بە ڕۆژنامەكاندا) لە (ماڵپەڕیدەنگەكان) یان لە سەرچاوەكانی خۆیانەوە بچنەوە سەریان .

| ناوی بابەت | نووسەر | سەرچاوە | ژمارە - ڕۆژ- لاپەڕ |
|---|---|---|---|
| من خۆم نەسووتاندوە ،بەڵكو سوتاندمیان | كەژاڵ سەعید- نازەنین | ڕۆژنامەی جەماوەر | 13\12\2004لاپەڕە 6 ژمارە 108 |
| ئەخلاق و خوداكانی كوردستان | مەریوان ووریا قانیع | ڕۆژنامەی هاوڵاتی | 22\12\2004لاپەڕە2 ژمارە 204 |
| ئەوكچانەی برۆ هەڵئەگرن لەقوتابخانە دەردەكرێن ! | فەیسەڵ خەلیل | ڕۆژنامەی جەماوەر | 20\12\2004لاپەڕە 6 ژمارە 109 |
| منداڵانی هەولێر بە دووای پەیداكردنی پارەن | جوان عەبد | ڕۆژنامەی جەماوەر | هەمان لاپەڕ |